www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:21 8-2-2007

# ئەوکاتەی ڕیفۆرمخواز دەبێتە بەشێکی سەرەکی گەندەڵی ... *ئالان حەسەن

سلێمانی

زۆرمان لەسەر گەندەڵی نووسی و زۆر کەسیشمان بی ناوهێنان باس کردو ولام نەبوو ئێستا کاتی ئەوە هاتوە ناوەکان و ژمارەکان، خەڵك رابچڵەکێنن و چیدی وێنە پربەرائەتەکانی بەشێك لەرابەرانی ئەم شۆرشەی سالآنێکە راستی و ریفۆرم و چەمکەکانی تری هاوشێوە بەمیللەت دەفرۆشنەوە بشێوێنرێت و راستی پر گەندەڵی ئەوان و ئەوپەری نا مەسئولیەتیان دەر بکەوێت

رزگاری حاجی کایل یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە و خاوەن کۆمپانیایەکی گەورەیە کە ماوەیەکی زۆرە بە شێوازی (تنفیز مباشر) و دوور لە سیستمی (تەندەرینگ) باشترین و گەورەترین پرۆژە وەردەگرێت بە نرخی خەیاڵی کەتێکرای پرۆژەکانی لە سەروی دە ملیۆن دۆلارەوەیە، لێرەدا پرسیارکە ئەوەیە پەیوەندی نێوان ناوبراوان و گەندەڵی چیە.

بەڵگە کان ئەوە دەسەلمێنن کەکاك نەوشیروانیش بەدەر نیە لەو بەرپرسانەی کە مێژویان هەیە لەگەڵ تەندەرو دۆستایەتی بازرگانان و خۆشیان بەدەر نین لەو بازرگانە ملیۆنێرانە بەلآم هەندێك بەڵگە پێمان دەڵێن.. رزگاری حاجی کایل ئەو دەوڵەمەندە ملیۆنێرە نیەو تەنها بە سەرمایەی کاك نەوشیروان کار دەکات و ئەو پرۆژەانەی ئەو رزگاری حاجی کایل پێی هەڵدەستی.

ئەوەی جێی سەر سورمانە بۆ خەڵك و بۆ ئەوکەسانەی کە دڵیان بە کاك نەوشیروان خۆش بوو کە بەرەنگاری گەندەڵی بۆتەوەو زۆر بوێرانە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە چیتر لێپرسراوان سەرمایەی ئەو گەلە بە فیرۆ نەدەن ئەوەتا بۆمان دەر دەکەوێت خۆی یەکێکە لەو بەرپرسانەی نەك سەرمایە بە فیرۆ دەدات بگرە بازی داوەتە بینا باشەکانی ئەم شارە وردە وردەو بە خشکەیی و دور لە بیر و رای چەند مانگێکی پێش ئێستاولە دووای ئەوەی کۆمپانیای وشەی دامەزراند هەر رۆژەی بینایەکی گەورەی ئەم شارە تاپۆ دەکاتە سەر خۆی هەرچەندە سەرکردەی بەرەی ریفۆرم زۆر داوای شوێنی وەزارەتی دارایی-سلێمانی کرد بەلآم ئەوەیانی بۆ جی بەجی نەکرا بەلآم ئێستا شوێنی باشتری دەست کەوتوە وەك بینایەی چاودێری دارایی کە دەکەوێت پشت پەروەردەی سلێمانی و ئەو بینایەی کە کەوتۆتە سەر بەرزاییەکەی بەرامبەر گەرەکی ئاشتی نێو باخەکە کە پێشوتر میوانخانەی وەزارەتی تەندروستی بو جگە لەمانەش ئەم بەرپرسە ریفۆرمخوازە رۆژانە پەیوەندی بەخەڵکێکی زۆرەوە دەکات هەتا پێشمەرگەش و تەکلیفیان لی دەکات بە موچەی باشتر بچنە لای ئەو کە ئەوەش موزیایدە کردنە بەسەر حکومەت و کەرامەتی میللەت.

ئیتر جێی خۆیەتی بڵێین ئەوکاتەی بەرەی ریفۆرم یان سەرکردەی ریفۆرم خوازەکان دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە گەندەڵی دەبێت چارە نوسی ئەم ولآتە بەچی بگەیەنن کە خۆیان بەشی شێریان بەرکەوتوە لە سەرمایەی ئەم گەلەی ئەوانی گەیاندۆتە ئەو پێگەیە. لێرەشەوە بۆمان رون دەبێتەوە کە کەسێك وجودی نیە بەناوی سەرکردەی ریفۆرمخواز و بۆراستی ولآمەکەی سەرەوەش دەردەکەوێت کە دەیانی وەك رزگاری حاجی کایل بازرگانی بە سەرمایەی نەوشیروان دەکەن و سەرمایەی پرۆژەگەورەکەی کاك نەوشیروان بەناوی کۆمپانیای وشە زۆر لەوە زیاترە کە یەکێتی و دەوڵەمەندەکان بتوانن بەهاوکاری بۆی بەجی بگەیەنن بۆیە لێرەدا پێویستە کاك نەوشیروان بەر لە هەمو کەس تیشکێك بخاتە سەر سەرمایەکەی و ئاشکرای بکات ئەگینا ئەو پرسیارە بەرۆکی ئەویش بەرنادات وەك تێکرای ئەو بەرپرسانەی تەلارەکانیان دراوسێی ئەستێرەکانە و خەڵك لێیان دەپرسی (من این لك هذا)

Alan_hasan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.